# دەستووری عێراق لۆزانێکی نوێیە بۆ کورد، و تەنها سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرپرسیارن لە داگیرکردنەوەی کوردستان

ئەی گەلی کوردستانی چەوساوە، بەداخەوە واپێدەچی کە چاوەڕوانی ژیانێکی سەربەرزانە و قوربانییەکانی سەرجەم گیانبەختکەرانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان و فرمێسکی دایکی شەهیدان و چاوەڕوانی ئەنفالکراوەکان بەفیرۆ بچن و لەلایەن سەرانی بەزۆرسەپێنراوی کورد (یەکیەتی و پارتی و کارمەندەکانیان کە بەناوی پەرلەمانەوە قسە دەکەن) بکرێن بە قوربانی فاشیزمی عەرەبی و بخرێنە ژێر ڕەحمەتی شمشێری شێعە و یاوەرانی سیستانی.

سەرانی کورد شەرم لە کەس ناکەن و سڵ لە خوێنی شەهیدانمان ناکەنەوە، دوای ملکەچکردن و دەسبەرداربوون لە سەربەخۆیی، لە کەرکوک لە مافی چارەنوس تەنانەت لەو فیدراڵیەی کە مێشکی سەرمانیان پێ کاس کرد لەماوەی ئەم 2 ساڵی ڕابوردوودا، دێن و بێ شەرمانە درۆی زەقمان لەگەڵ دەکەن و دەڵێن هەموو مافەکانمان لەو دەستوورەدا چەسپاوە.

جا نازانین ئەو سیاسەتمەدارانە مەبەستیان کام مافە؟

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی دەڵێت ئەم ڕەشنوسەی دەستوور دەسکەوتێکی گەورەیە، بەڕاێ ئێمە ئەم قسەی بەڕێز مەسعوود بارزانی بەشی دووەمی کەمە کە دەبێت قەوارەی دەسکەوتە و چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو دەسکەوتەی کە مەبەستیەتی ڕوون بکاتەوە، ئێمە لە سەرشۆڕکردن بۆ عەرەبی شۆفینی و ئیسلامی توندڕەو، و دابڕین لە نەتەوەی کورد زیاتر هیچ نابینین لەم دەستورەدا، بەڵام وا پێدەچێت ئەو بەڕێزانە دەسکەوتی باشیان وەرگرتووە و هەر لە بەغداوە نێردراوە بۆ جێی تایبەتی خۆی.

ئێمە بەڵێنەکانی بەڕێزیان دەخەینەوە بیر کە پێش چوونی بۆ بەغدا کە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانە کارتۆنییەکەیان دایان، هەروەها بەڵێنەکانی یاوەرەکەی (جەلال تاڵەبانی) کە بە گەلی کوردستانیان دا، کە خەتی سووریان بۆ 3 خاڵ دانابوو کە بریتی بوون لە:

1- فدراڵیەت کە ئەبێت دەستووردا جێگیر بێت و سنووری کوردستانی تیا دەسنیشانکرابێت. واتە مادەی 58 جێبەجێکرابێت و کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
2- دابەشکردنی سامانی کوردستان کە ئەبێت کوردستان ڕێژەیەکی دیاریکراوی هەبێت وبتوانێت هەڵسوکەوتی پێ بکات.
3- مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەک سوپای کوردستان.

ئەوەی لە ڕەشنوسەکەدا هاتووە نەک تەنها بەزاندنی ئەو خەتە سورانەیە بەڵکو ئەو خاڵانەی بوون بە خەتی سوور بۆ کورد کە باسی لێوە نەکات، ئنجا کورد ملکەچ دەکات کە بتوێتەوە لە ناو دورگەی عەرەبیەوە و مەرجەعیەتی شێعە وەک فاتیکانێکی ئیسلامی زاڵبێت بەسەر چارەنوسی گەلەکەمان.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر هەندێ لەو یاسایانەی کە لەو دەستورەدا هاتووە و ماناکانی بخەینە ڕوو. لێرەشدا ئێمە لەسەر ئەو خالانا دەدوێن کە لەو ڕەشنوسە هاتووە کە سایتی پەرلەمانی کوردستان بڵاوی کردوەتەوە، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو دەقەی کە لە بەغدا لە ڕۆژنامەی سەباح و ماڵپەڕی حیزبی شیوعی کوردستان بڵاوبوەتەوە.

1- بە نیسبەت فدراڵیەتەوە وەک هاتوە:

مادەی (1) پێناسەی عێراق بەم شێوە هاتووە

کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرە.

بنەمای سیستمی حەکمڕانیەکەی{کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی یەکگرتوو}.

جا لەم بڕگەیەدا بە ڕاشکاوی باسی یەکگرتووی دەکات نەک فدرالیەت، ئەگەر بیانەوێت مانایەکی تر ببەخشن بەم یەکگرتوویە (اتحادی) کە مانای فدرالی دەدات، ئەوا لە هیچ فەرهەنگ و پێوەرێکدا ئەو

مانایە نابەخشێت، لە یەک حاڵەتدا نەبێتە ئەگەر چەند هەرێکی سەربەخۆ هەبن و یەکبگرن بۆ نمونە وەک (یەکگرتووە ئیمارەتە عەرەبییەکان)، بەڵام لە عێراقدا پرۆسەکە بە پێچەوانەیە.

مادەی (2) بڕگەی یەکەم

ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە.

أ- ڕێگا نادرێت هیچ یاسایەک دابنرێت بەربەرەکانی هەبێت لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا.

ب- ڕێگا نادرێت هیچ یاسایەک دابنرێت بەربەرەکانی هەبێت لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی دیموکراسیدا.

ج- ڕێگا نادرێت هیچ یاسایەک دابنرێت بەربەرەکانی هەبێت لەگەڵ ماف و ئازادییە بنەڕەتییە ئاماژەپێدراوەکانی ئەم دەستوورەدا.

مادەی (3) دەڵێ

عێراق لە ڕەگەز و مەزهەبی زۆر پێکهاتووە، ( گەلی عەرەب بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)،

لەم بڕگەیەدا نازانم بۆ 2 دەق هەیە لەوەی پەرلامان تەنها نوسراوە گەلی عەرەب بەشێکە لە نەتەی عەرەب، لەوەی کە لە بەغدا بڵاوکرایەوە نوسراوە (بەشێکی لێکدانەبڕاوە لە نەتەوەی عەرەبی)، هەڵبەتەو ئەم 2 شێوازی نوسینە 2 مانای جیاواز دەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا باسی کورد نەهاتووە بە هیچ شێوەیەک، واتە ئەم دەستووورە دان بە بوونی کوردا نانێت وەک گەلێک سەر بە نەتەوەی کورد و لە هەمان هاوسەنگدا وەک عەرەب.

2- یەکێک لە خەتەرترین بڕیارەکانی ئەم دەستووورە لە مادەی (8) خۆی دەبینێتەوە کە دەڵێ:

(عێراق ڕەچاوی پرنسیپەکانی باش دراوسێیەتی دەکات، و پابەندە بە دەستێوەرنەدانی بارودۆخی ناوخۆی وڵاتانی تر (واتە دراوسێ)، هەوڵ دەدات کێشە و بەربەرەکانییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و هەڵسوکەوتی هاوتا بکات، هەروەها ڕێز لە پابەندە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێت.)

ئەمە مانای ئەوەیە باشووری کوردستان (عێراقیەکان) لە هەموو کورد و کوردستان جیادەکاتەوە، واتە ئەگەر گەلی کوردمان لە پارچەکانی تر دوچاری قەڵاچۆکردنیش بن ئێمە بۆمان نیە بچین بە هانایانەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بەرژەوەندییە گشتتییەکانیش لەگە ئەو وڵاتانە پێویست بە لێدانی کورد بکات لە پارچەکانی تر ئەوا عێراق بەشداری دەکات لە لێدانیان. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە یەکێک لەو پابەندە نێودەوڵەتیانەی کە ئەم دەستووورە ڕێزی لێدەگرێت ئەو ڕێکەوتننامەی عێراق و تورکیایە کە لە 1978 تۆمارکرا کە ڕێگا بە لەشکری یەکتر دەدەن بێنە ناو قوڵایی خاکی یەکتر بۆ لێدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

3- بەنیسبەت هێزی پێشمەرگە لە مادەی (9) بڕگەی دووەم دەڵێ

قەدەغەکردنی پێکهێنانی هێزی چەکداری لە دەرەوەی چوارچێوەی لەشکری عێراق.

واتە پێشمەرگە یان دەبێت ببێت بە بشێک لە لەشکری عێراق و لە ژێر سەرکردایەتی وەزارەتی بەرگری ناوەند بێت یان ئەبێت خۆی هەڵوەشێنێتەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی هەموو بانگەشە و ووتەکانی سەرکردەی حیزبە کوردییەکان کەجەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە پێشمەرگە وەک خۆی دەمێنێتەوە، وەک سۆپای چەکدار بۆ پاراستنی کوردستان. (جا لێرەدا یەکێکیان ڕاست ناکات نازانین کامیانن؟؟!!)

4- لەسەر پاراستنی تایبەتمەندێتی پەرلەمانی کوردستان مادەی (13) بڕگەی 2 بە ڕاشکاوی دەڵێ:

ئەم دەستووورە بۆ هەموو عێراقە، هیچ هەرێمێک بۆی نیە یاسایەکی هەبێت ناکۆک بێت لەگەل یاساکانی دەستوردا.

واتە هەرێمی کوردستان بۆی نیە دەستوری خۆی هەبێت یان یاسایەکی تایبەتی هەبێت بۆ خۆی لە بوارێکی تایبەتدا ناکۆک بێت لەگەل یاساکانی ناوەندا، هەروەها ناتوانێت ڕەتی هیچ یاسایەک بداتەوە لە ناوەندەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی وەعد و ووتەکانی سەرکردایەتی کوردیە. لە هیچ شوێنێکدا باسی یاسا و دەستووری هەرێمی کوردستان نەکراوە، بەڵکو ناوی کوردستانیش لەو دەستورەدا نەهاتووە لە هیچ شوێنێک.

5- لە مادەی (43) دا خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشەر هاتووە ، دەڵێ:

گرنگیدان و پەرەپێدانی باری خێڵەکی و گونجاندنی لەگەڵ ئایین و یاسادا.

ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیە، و گەڕاندنەوەی دۆزی کۆمەڵ بەرەو دواوە، و زاڵبوونی عەقڵیەتی عەشایەری و کۆچەری بەسەر کاروباری کۆمەڵدا.

6- لە مادەی (54) هاتووە:

پەرلەمان بە کۆی دەنگ (اغلبیة مطلقة) ئەبێت سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرێت ئنجا بە دەنگدانی نهێنیش .

ئەم نوسینە خۆی لە خۆیدا هەڵەیە، ئەگەر بڕیار بە کۆی دەنگ بێت واتە نابێت نهێنی بێت، ئەگەر نهێنی بێت واتە بە زۆرینەی دەنگ دەبێت.

7- بە نیسبەت سامان و داهاتی کوردستان لە مادەی (109- 110) هاتووە:

نەوت و غاز سامانی نیشتمانین و لەژێر دەسەڵاتی ناوەند دەبێت و بە پێی ڕێژەی دانیشتوان و پێویستی هەرێمەکان یان پارێزگاکان دابەش دەکرێ.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناوەند بڕیار دەدات کە سامانەکە چۆن سەرف دەکرێ و هیچ حیسابی تایبەت بە کوردستان نیە.

8- لە مادەی (114) جیاوازی نێوان پارێزگا و هەرێم بەدی ناکرێت ، واتە هەر پارێزگایەک بە تەنیا ئەتوانێت وەک هەرێمێک مامەڵە بکات، ئەمە ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکنەگرنەوە و بە پێی ئەم یاسایە حکومڕانی و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

هەڵبەتە ئەم خاڵە بە نەخشەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان بە زیرەکانە داڕێژراوە، و بێجگە لە سوودی بنەماڵەیی و سیاسی خۆیان سوودی لایەنی عەرەبی و تورکمانی تیایە لەبەر ئەوەی بەڵگەی نەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر سنووری کوردستان یەکلا دەکاتەوە ، کە ئەتوانێت وەک هەرێمێک بێت و بە پێی مادەی ژمارە (4 ) بڕگەی 5 زۆر ئاساییە زمانی فەرمی کەرکوک ببێت بە عەرەبی و تورکمانی.

9- سەبارەت بە سنووری کوردستان و جێبەجێکردنی مادەی 58 ، لە مادەی 149 هاتووە:

جێبەجێکردنی یاسای 58 ی یاسای کاتی هەتاوەکو 2007/12/31 واتە هەتاوەکو دوای 2 ساڵ و 4 مانگی تر.

153- ئەم دەستوورە یاسا کاتییەکە إلغا دەکات بێجگە لە بڕگەی أ ی یاسای 153 کە دەڵێ ( دەسەڵاتی کوردستان تەنها ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە هەتاوەکو پێش ڕوخاندنی سەدام لەلایەن کوردەوە بەڕێوە دەبرا)، هەروەها یاسای 58 بەڵام ڕازیبونە لەسەر دواخستنی بۆ پتر لە 2 ساڵ و 4 مانگی تر.

جا نازانین ئایا بۆ لە 4 مانگەوە دواخرا بۆ 2سال و 4 مانگ، و ئایا چ گەرەنتییەک هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە هەتاوەکو کاتی دیاریکراو، عەرەب و بەتایبەت شێعە بە کردەوە سەلماندیان کە ڕێز لە هیچ وەعد و پەیمانێک ناگرن بەرامبەر بە کورد.

10- هەندێ جیاوازی خەتەرناک هەیە لە نیوان ئەو دەقەی کە هکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بڵاوی کردوەتەوە و ئەو ڕەشنوسەی کە لە سایت و ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە، بە گرنگی دەزانین لێرەدا بیخەینە ڕوو:

بۆ نمونە ئەمانە لە دەقی بڵاوکراوەکەی پەرلەمانی کوردستان نیە بەڵام لای عەرەبەکان هەیە:

الباب الاول

مادەی (5) دەڵێ

کۆماری عێراق ئەندامێکی دامەزرێنەری کۆکراوەی عەرەبیە،و بەشێکە لە ئۆمەتی موسلمانان.

ئەمە جەخت کردنەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر عەرەبییەتی عێراق و گرێدراوی تەواوەتی هەموو نەتەوەکانی عێراق بە نەتەوەی عەرەب.

مادەی (8) دەڵێ

عێراق یەک یەکەیە لە خاک و گەل و سەروەریدا

واتە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە یەک گەل دەناسێنرێن، و ئەگەر تێهەڵکێش بکرێت لەگەڵ مادەی 5 واتە کورد بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کورد و باقی نەتەوەکانی تری عێراقیش هەر ئەبێت بتوێننەوە لە دورگەی عەرەبیدا.

مادەی (12) دەڵێ

ڕۆڵی ڕۆحی مەرجەعی دینی ڕێزی تایبەتی هەیە، ئەو مەرجەعە سمبولێکی دینی بەرزە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئیسلامی، دەوڵەت دەستێوەردانی کاروباری تایبەتی ناکات.
ئەمەش مانای ئەوەیە کە مەرجەعیەتی شێعە خاوەن سەربەخۆییەکی تایبەتی خۆی هەیە و توانای کاریگەری هەیە لەسەر ڕوداوەکان.(فاتکانێکی شێعە)

سوێندی ئەندام پەرلەمانەکان لە ناوەند و هەرێمەکان لە مادەی 49 بەم شێوە هاتووە:
- لە سوێندی ئەندامانی پەرلەمان ( سوێند بە خوای گەورە، هەڵدەسم بەو کار و ئەرکە یاساییەی لە ئەستۆمایە بە دڵسۆزی، و سەربەخۆیی و سەروەری عێراق بپارێزم، بەرژەوەندی گەلی عێراق بپارێزم، و شەونخونی بۆ پاراستنی سەلامەتی خاک و ئاسمان و ئاو و سامانەکانی، و سیستمە دیموکراتی و یەکگرتووەکەی بکێشم، و کار بکەم لە پێناوی پاراستنی ئازادیە گشتی و تابەتییەکان، و بێلایەنی یاسا و بەرپرسم لە جێبەجێکردنی یاساکان بە ئەمانەت و بێلایەنی.، و خوا لەسەر ئەم قسانەم شایەتە.)
لە سوێندەکەدا دیارە کە سوێند بۆ یەکیەتی عێراقە.

جا کە سەیری هەمو دەستورەکە دەکەین هیچ خاڵێک لەو هێڵە سورانە بەدی ناکەین، جا نازانین لە ڕێگای بەغدا سڕایەوە یان ئەو هێڵانە بۆ گەلی کوردستانە بۆ ئەوەی باسی نەکات، لەوانەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ڕەشنوسە بۆ کێ دەسکەوتێکی گەورەیە ؟؟؟.

ئێمە وەک سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان ئەم دەستوورە بە لۆزانێکی تر سەیر دەکەین، لەم دەستورەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەواەی خۆیان سەپاندووە بەسەر کوردا وەک سەرکردە، خەڵکانێکن لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردا نین، و ئامادەن هەموو کورد بکەن بە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، بەڵگەش ئەوەیە کە ئەو لایەنانە هەندێ برگەیان لابردووە لە ڕاشنوسەکەدا کە لە کوردستانی نوێ و خەبات بڵاوکراوەتەوە و دەقە راستییەکە کە بە عەرەبی لە شوێنەکانی تر بڵاوبوەتەوە.

ئێمە داوا دەکەین لە گەلی قارەمانمان کە فرێوی درۆکانی هەردو دەسەڵاتی کوردی و عەرەبی مەبن، زۆر گرنگە هەموو بجینە سەر سندوقی دەنگدان و بە گەورەیی بنوسین

نا بۆ بەعێراقیبون، و سەرشۆڕی بۆ داگیرکەر
نا بۆ فرۆشتنی کەرکوک
بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان
2005/8/25